بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان

هەرێمی کوردستانی عێراق
سەرۆکایەتی هەرێم
سەرۆك

بەناوی گەلەوە

بڕیار
ژمارە (8) ساڵی 2008

## بڕیاری ژمارە ( 1 )ی ساڵی 2008

**بە پێی بڕگەی (1) ی ماددەی (10) ی یاسای سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان – عێراق ژمارە (1)ی ساڵی 2005 ی هەموارکراو و بە پاڵپشتی ئەو یاساکارییەی ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستان – عێراق کردویەتی لە دانیشتنی ژمارە (5) لە 7 /2008/4 بڕیارماندا بە دەرکردنی:**

# بڕیاری ژمارە ( 1 )ی ساڵی 2008

**یەکەم:** دانانی ڕۆژی (4/16) ی هەموو ساڵێك لەهەرێمی کوردستان ـ عێراق بەرۆژی ژینگە .

**دووەم:** پێویستە ئەنجومەنی وەزیران و لایەنە پەیوەندیدارەکان ئەم بڕیارە جێبەجێ بکەن.

**سێیەم:** ئەم بڕیارە لەڕۆژی دەرچوونیەوە جێبەجێ دەکرێ و لە ڕۆژنامەی فەرمی ( **وەقایعی کوردستان**)دا بڵاو دەکرێتەوە.

**مسعود بارزانی**
**سەرۆکی هەرێمی کوردستان–عێراق**

**ئەم بڕیارە لە 14ی گوڵان 2708ی کوردی بەرامبەر 28ی رەبیعی دووەمی 1429ی کۆچی و بەرامبەر 4ی ئایاری2008ی زاینی لە هەولێر دەرچووە .**

## (هۆیه پێویستەکان)

لە جیهان بایەخێکی زۆر بە ژینگە دەدرێت و، لە پیسبوون و کاریگەرییە ترسناکەکانی جەنگ و بەکارهێنانی چەکی کیمیاوی و تەقەمەنییەکانی تری دەپارێزێ... هەرێمی کوردستانیش دووچاری ئەو جەنگانە هاتووە و بە شێوەیەکی بەربلاویش چەکی کیمیاوی دژی بەکارهێنراوە. ئەو جەنگ و چەکە کیمیاییە ژینگەی پیس کردووەو کاریگەری خراپی لەسەر تەندروستی گشتی هاوولاتیان داناوە لەبەر ئەوەی رژێمی دکتاتۆری لەناوچوو ڕۆژی 1978/4/16 چەکی کیمیاوی بە شێوەیەکی بەربلاو لە گوندی شێخ وەسان و گوندەکانی تری دۆڵی بالیسانی بەکارهێناو بە هۆیەوە دەیان هاولاتی سڤیل بوونە قوربانی هەر لە درێژە پێدانی سیاسەتە شۆڤینییە بەرنامە دارێژراویکەی بۆ قرکردنی گەلی کوردستان گوندەکانی خاپوور کردو، سووتاند و، چەکی کیمیایی لە ناوچەیەکی بەرفراوانی، پارێزگاکانی کەرکوك و سلێمانی و ، هەولێر و، دهۆك ، بەکارهێناو بە هەزاران خەلکی سڤیلی ناوچەکانی دۆڵی بلەو مەلەکان، جافایەتی ، دۆڵی ئالانە ، بازێ ، زێوەشکان ، عەسکەر ، گۆپتەپە، قەرەداغ ، سیوسێنان ، وەرێ ، دۆڵی ئاکۆیان ، وەرتێ ،بناری چیای قەندیل ، ناوچەی کۆیەو ناوچەکانی دیکە بوونە قوربانی و، ترۆپکی تاوانەکانیشی بۆردومانکردنی شاری هەلەبجە بوو بە چەکی کیمیایی کە بووە هۆی شەهید بوونی پتر لە (5000) پێنج هەزار کەس و بە جێهێشتنی شوێنەواری خراپ کە تاکو ئێستاش کاریگەریەکانی لەسەر ژیانی مرۆڤی کوردستان هەیە.

لە پێناو بایەخدان بە ژینگەو بلاوکردنەوەی هۆشیاری ژینگەیی و بۆ پاراستنی پاکژی و کارکردن بۆ پاکژکردنەوەی لە ژەهرو پاشماوە زیانبەخشەکان و کاریگەرییە خراپەکانی لەسەر مرۆۆ و ژینگەکەی ئەم بڕیارە دەرکرا.